# کراسێك لە حیزبوڵڵای کورد دادڕن!

هاوڕێ باخەوان

حیزبوڵڵای کورد پارتێکی کوردیی ئیسلامی بوو و لە ساڵی ١٩٨٣دا بەهۆی هەر هۆیەکەوە بووبێت دامەزرا. ئەم حیزبە لە سەرەتای دامەزراندنیدا ژمارەی چەکدارەکانی گەیشتە هەزاران.

ماوەیەکە ئەم حیزبە چووەتە هەنگامی سڕبوونەوە و کەس ناوی نەبیستەوە. تا ڕۆژی ١٤-٠٥-٢٠٠٣ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆییدا.

ئەم بڕیاری هەڵوەشاندنەوەیە ئەگەر بڕیاری خودی ئەدهەم بارزانی بێت یان بڕیاری پارتی. ئەوا من بە بڕیارێکی باشی دەزانم و حیزبێت کە ڕۆڵێکی ئەوتۆی لەسەر گۆڕانکارییە ڕامیارییەکان نەبێت, ئەی بۆچی ببێت؟.

یەکێك لە ڕابەرەکانی مارکسیزم – لینینیزم, کە پێم وایە لینینە دەڵێت: "دوو پارتی کرێکاری لە یەك شوێندابن, ئەوا یەکێکیان لادەرە". دیارە ئەم وتەیەی لینین زۆر ڕاستە.

لە کوردستان کۆمەڵێکی زۆر لەو پارتە کرێکارییانە هەن و هەمووشیان ناوی کۆمۆنیستیان بەخۆیانەوە ناوە, بەبێ ئەوەی بنچینەیەکی جەماوەرییان ببێت و ڕۆڵێکی ئەگەرچی کەمیش بێت لەسەر گۆڕانکارییە ڕامیارییەکانی کوردستان و ناوچەکە ببینن.

نازانم ئێمەمانان بڕوا بە وتەکەی لینین بکەین یان بەوان!.

دەبێت ئەوانە کامیان لادەر بن و کامیان کۆمۆنیست؟. تۆ بڵێی هەموویان کۆمۆنیست و هیچیان لادەر نەبن و لینینیش هەر بۆخۆیی گووت؟!.

پێم وابێت کاتی ئەوە هاتووە زۆربەی هەرەزۆری ئەم پارتە کۆمۆنیستانە کراسێك لە حیزبوڵڵا و ئەدهەم بارزانی دادڕن و خۆیان هەڵبوەشێننەوە و کرێکارانیش لەو دڵە ڕاوکێیە ڕزگاریان ببێت.

١٥-٠٥-٢٠٠٣

hawreh@bakhawan.com
http://www.bakhawan.com

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.